نیشتیمانێکی سەربەخۆ    کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر    جیهانێکی باش

حزبی رزگاریی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

Rizgary Party of Kurdistan
Political Bureau

# راگەیەندراوێک سەبارەت بەئاکامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

ئێوارەی رۆژی ٢٨-٩-٢٠١٣ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاکامی بەرایی دەنگدانی راگەیاندو کۆی دەنگە بەدەستهاتووەکانی ئاشکرا کرد! وێڕای ئەوەی بە سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن هەژمار دەکرێ و ئێمەش پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین، بەڵام بۆ ئێمە وەک لیستی ١١٤ جێی نیگەرانی و بێباوەرییە، چونکە ئەو دەنگانەی بۆ لیستی حزبی رزگاریی کوردستان ژمێردراون، هەرگیز بە هی خۆمانی نازانین، هەروەها بەهیچ شێوەیەکیش لەگەڵ مێژووی حزب و پاڵێوراوەکاندا نایەتەوە، بۆیە داوا لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دەکەین کە سەرەنجامی دەنگی هەموو بنکەو وێستگەکان بخاتە بەردەست تا پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ.

ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان، بەمەبەستی رەنگاورەنگکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە شەش پاڵێوراو کە کادری حزب بوون، بەشداریمان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کرد، وێڕای ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە تا ئەم دواییە حزبی رزگاریی کوردستان لە بودجە بێبەشکرابوو،بەوهۆیەوە دەزگەیکی راگەیاندنی نەبوو، حزب دووچاری قەیرانی دارایی هاتبوو، بەڵام دیسانیشەوە باوەڕمان وابوو کە بەئەندازەی خۆمان دەنگ دەهێنین کە لانی کەم بە دەنگی ئەندامانمان دە بەرابەری ئەو ژمارەیە دەهێنین کە کۆمیسیۆن رایگەیاندووە. راستە کە لیستی ١١٤ کەمترین بانگەشەی هەڵبژاردنی بەڕێوەبرد، هەروەها لەسەرەتای تۆمارکردنی ناوی پاڵێوراوەکان سیناریۆیێک دژ بە لیستی ١١٤ بەڕێوەچوو، هەروەها کاتێک کە چەند لایەنێک پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستێکی دیاریکراو دەربڕی، وا بڵاوکرایەوە کە حزبی رزگاریی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردن کشاوەتەوەو دەنگ بە لیستێکی دیاریکراو دەدات، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەشەوە دەبوایە لیستی ١١٤ دەنگێکی زۆرتر بهێنێ، ئێمە پێمانوایە کە یارییەکی تایبەت لە هەژمارکردنی دەنگەکاندا ئەنجام دراوە، بەتایبەتیش کاتێک کە دەزگەکانی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەندێک راستیان سەبارەت بە دەستکاریکردنی دەنگە کۆکراوەکان ئاشکرا کرد، ئیدی گومانی ئەوە زیاتر بووە کە بە ئارەزوو دەنگ بۆ هەندێک لیست کۆکراوەتەوە، هەروەها دواخستنی راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنیش خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو یارییە رێخۆشکەر بووە.

هەڵبژاردن و پرۆسەی دیموکراسی تەنیا بە دانانی سەندوق و وەرێخستنی خەڵک نیە بۆ سەر سەندوقەکان، بەڵکو میکانیزمی دەنگدان و چۆنیتی هاوێرکردن و هەژمارکردنی دەنگەکان و دەستپاکی لە کۆکردنەوەی دەنگەکاندا ئەو پرۆسەیە رەنگرێژ دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوە چەندەمین هەڵبژاردنە لە کوردستان بەڕێوەدەچێ و بێئومێدی دەبەخشێتەوە. ئێمە پێمانوایە ئەگەر مەبەست هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بێ، دەبێ سەرژمێری گشتی بەڕێوە بچێ، پەنجەمۆری ئەلەکترۆنی دەکاربکرێ کە رێ لە چەند جار دەنگدان بگرێ، هەروەها کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆو بێلایەن هەڵبژاردنەکە بەڕێوەببەن، لانی کەم ئەو کارمەندانەی کە دەنگەکان هاوێر و هەژمار دەکەن بێلایەن و سەربەخۆ بن و لەلایەن شارەزایانی بیانیەوە چاودێری بکرێن، دەنا هەڵبژاردنەکانی داهاتووش لەمەی ئێستا باشتر نابن.

**مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستان**

**٢٩-٩-٢٠١٣**

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)